# بوێرێک خۆی دەکوژێت و خوێڕییەکانیش دەمێننەوە

**ئەمجەد شاکەلی**

لە گوتارێکدا لەژێر سەردێڕی "چیرۆکی جاسوسیکردنی دوو کورد لە ئەوروپاوە بۆ موخابەراتی عیراقی"، لە ڕۆژی 24ی سێپتەمبەری 2007دا، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، باس لە دوو برا دەکات، کە هەردوویان پێوەندیان بە دەسگای هەواڵگری عیراقەوە هەبووە و کاری سیخوڕییان بۆ ئەو دەسگایە کردووە. لەو ژمارەیەدا باس لە یەکێک لەو برایانە دەکات[1].

یەک ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە، واتە: لە ڕۆژی 25-9-2007 دا و لە ماڵپەڕی سبەی (www.sbeiy.com)، هەواڵی خۆکوشتنی یەکێک لەو دوو برایە، واتە ئەوەیان، کە هاوڵاتی باسی لێوە کردبوو، بڵاوکرایەوە.

دوو ڕۆژ دواتر، واتە لە 27- 9-2007دا و لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)یشدا هەمان هەواڵی خۆکوشتنی ئەو پیاوە بڵاوکرایەوە[2].

لە 6-10-2007 دا، ڕۆژنامەی "هەواڵ"، هەر ئەو هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە، لێ بە "کردەوەیەکی کوشتن" نێوی دەبات، واتە نە دەڵێ: خۆی کوشتووە و نەش دەڵێ: کوژراوە[3].

ئەوەی "خۆی کوشت" یا "کوژراوە"، پیاوێک بوو بە نێوی(سددیق قادر کاکەخان) و لە نێو خەڵک و لە دەرەوەی وڵات و لە نووسینەکانیشیدا بە (هاوڕێ نەمەڵی) بەنێوبانگ بوو، بەڵام لە هەواڵی خۆکوشتن/کوژرانەکەیدا بە نێوی(سددیق قادر کاکەخان)ەوە نێوبراوە.

هاوڕێ نەمەڵی، هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژەی گوتارەکەی هاوڵاتی بڵاوکرایەوە، واتە: 24-9-2007 و پێش ئەوەی ببێتە 9/25، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە و لاشەکەی لە نێو گەراژی ماڵەکەی خۆیدا لە سلێمانی دۆزراوەتەوە.

بۆ یەکەمجار (هاوڕێ نەمەڵی)م بینی لە ستۆکهۆڵم، لە ماڵی هاوڕێیەک و بۆ ماوەی دوو سێ سەعاتێک بوو، ئەویش لە سەرەتای ساڵانی 1990کاندا بوو. ساڵی2000 یش، دوای بڵاوبوونەوەی چەند بەشێکی گوتارێکم بە نێوی"سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردیی (عیراق)"، بە زنجیرە لە بڵاوکراوەی "پەیام" دا لە لەندەن، هاوڕێ نەمەڵی، بابەتەکەی خوێندبووەوە و بەو بۆنەیەوە، لەگەڵ هاوڕێییەکدا کیلۆیەک باقلاوەی بۆ ستۆکهۆڵم بۆ ناردم و منیش دوای ئەوە، زەنگێکی سوپاسگۆییم بۆ لێدا و بڕێک قسەمان کرد. هەموو ناسیاوییەکی من لەگەڵ ئەو پیاوەدا هەر ئەوەندە بووە، لێ ئەوەندەی بۆ خۆم لە بارەیەوە دەمزانی و ئەوەندەی لە خەڵکم بیستبوو، پیاوێکی گەرموگوڕ و ڕووخۆش و کراوە و دەم بە خەندە و بە خزمەت و دڵفراوان بوو و بەردەوام کۆمەکی بە خەڵک دەکرد و ماڵیشی هەمیشە بۆ میوان کراوە بووە.

---

[1] بنۆڕە ماڵپەڕی www.hawlatinews.com، 25-9-2007.

[2] کوردستانی نوێ، ژمارە 4384، پێنجشەممە 27-9-2007.

[3] هەواڵ، ژمارە 250، 6-10-2007.

هاوڕێ نەمەڵی، ساڵانی 1974-1975 پێشمەرگە بووە و دواتر بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و لە 1979 دا لە لایەن حوکوومەتی عیراقەوە گیراوە و فەرمانی هەڵواسینی بۆ دەرچووە و دواتر بەر لێخۆشبوونێکی گشتی کەوتووە و لە زیندان و هەڵواسین ڕزگار بووە و لە 1981دا چووەتە چیا و لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا بووە و هەر ئەو ساڵەش وڵاتی بەجێهێشتووە و چووتە ڕۆمانیا و لەوێشەوە گەیشتووەتە ئینگلستان. لە 1984یشەوە تا هەڵوەشاندنەوەی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، ئەندامی ئەو پارتییە بووە و کاری لەگەڵدا کردووە. تا گەڕانەوەی بۆ کوردستان پێش دوو سێ ساڵێک، هەر لە ئینگلستان ژیاوە.

ئەگەر هاوڕێ نەمەڵی، سیخوڕی کردبێت و زانیاری بە دەسگای هەواڵگری عیراق دابێت و زانیارییەکان هەر ئەوانە بن، کە لە لەندەن کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی کراوە و لەو کۆبوونەوەدا جەلال تاڵەبانی وکێ و کێ بەشدار بوون و لەوێدا باس لە ڕووخانی ڕێژیم کراوە، ئەوانە زانیاریگەلێکن، بەعس و سەددام حوسەین و خەڵکانی سەر بە حوکوومەتی عیراق پێش هاوڕێ نەمەڵی و لە هاوڕێ نەمەڵی باشتر و وردتر و زیاتر ئاگاداری بوونە و هەر لەنێو ئەو کۆبوونەوانەوە و لە لایەن خەڵکانی بەشداربووی ئەو کۆبوونەوانەوە، هەواڵەکان گەیشتوونەتەوە بەعس و حوکوومەتی عیراق!

کە هاوڕێ نەمەڵی، پێش دوو سێ ساڵێک، گەڕایەوە کوردستان، لەگەڵ یەک دوو کەسی تردا، وەک دەستەیەکی پاشماوەی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان[4]، چوونەوە نێو یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و جەلال تاڵەبانی وەک سکرتێری گشتی یەکیەتیی نیشتمانی پێشوازی لێکردن و ئیدی چوونە ڕیزی یەکیەتیی نیشتمانییەوە و وەک ئەندامی ئەو حیزبە کاریان دەکرد. هاوڕێ نەمەڵی، لە

---

[4] پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، کە سامی عەبدوڕەحمان ڕێبەری بوو، لە هاوینی ساڵی 1992دا خۆی هەڵوەشاندەوە و لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و "پاسۆک"دا، حیزبێکی نوێیان، بە نێوی "حیزبی یەکگرتنی کوردستان" ساز کرد و دواتر ئەو حیزبەیش هەڵوەشێنرایەوە و چووە نێو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. چەند کەسێک لە حیزبی سۆسیالیست، وەک تاک، چوونە نێو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە و بڕێکیش لەوانەی پارتی گەل نە چوونە نێو پارتی و نە چوونە نێو یەکیەتییەوە، بەڵکە حیزبێکی دیکەیان بە نێوی"حیزبی ڕزگاری کوردستان" ساز کرد. چوونی هاوڕێ نەمەڵی و یەک دوو کەسی دیکە، وەک دەستە و پاشماوەی پارتی گەل و دوای پازدە شازدە ساڵێک لە هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەیان و کۆڵدانیان لە سیاسەت و حیزبایەتی و کەنارگرتنیان، بۆ نێو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، لە وازییەکی یەکیەتیی نیشتمانیی زیاتر شتێکی دیکە نەبوو و تەنیا بۆ ئەوە بوو، لە میدیاکانی یەکیەتییدا وا پێشان بدەن، کە ئەوانە پاشماوەی حیزبێکن و تێکەڵ بە حیزبەکەی ئەوان دەبن، دەنا لە ڕاستیدا ئەوانە زۆر لەمێژ بوو لە حیزبایەتی دابڕابوون و پێش ئەوەی لە میدیاکانی یەکیەتییشدا باسیان وەک دەستە بکرێت، ئەوان وەک تاک گەڕابوونەوە نێو یەکیەتیی و کاریان وێ درابوو. ساڵی 1984 پارتی گەل لە سووریاوە چەند کەسێکی خۆی وەک دەستەیەک ناردەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی بچن لەوێ بنکەیەک دانێن و بەشداری بزاڤی چەکداری بکەن. دووان لەوانە، خەڵکی سلێمانی و گەرمیان بوون. یەکێکیان هەر کە گەیشتنەوە دەوروبەری سلێمانی و هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی بینی، کە ئەودەم یەکیەتیی لە گوتوبێژدا بوو لەگەڵ حوکوومەتی بەعسدا و خەڵکانی یەکیەتییش هاتوچۆی شارانیان دەکرد، ئیدی خۆی تێکەڵ بەوان کرد و وازی لە پارتی گەل هێنا. ئەوی دیکەشیان لە سلێمانی خۆی مات کرد و پاڵی لێ دایەوە و دواتر خۆی گەیاندە هەندەران و 1991، کە ڕاپەڕین هاتە گۆڕێ، ئەودەم لە سلێمانی سەری هەڵدایەوە. هاوڕێیەکم گێڕایەوە و گوتی:"کە 1991 دوای ڕاپەڕین گەڕامەوە سلێمانی دەبینم ئەو هاوڕێیەی لە 1984ەوە خۆی مات کردبوو و وازی لە پارتی گەل هێنابوو و لێی دابڕابوو، لەبەردەم یەکێک لە خانووە داگیرکراوەکانی حوکوومەتدا ڕاوەستاوە و لەسەر دەرگاکەی بە گەورەیی نووسیویەتی (بارەگای پارتیی گەلی دیموکراتی کوردستان) و بۆ خۆیشی جلێکی کوردی لەبەر کردووە و دەمانچەیەکی کردووەتە لاکەمەریدا. منیش پێم گوت: کوڕە ئەوە تۆ ئەم هەموو ساڵانە لە کوێ بووی و چۆن بوویتەوە بە پارتیی گەل!".

مەکتەبی"بیر و هۆشیاری"، کە مەکتەبێکی حیزبیی سەر بە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە دامەزرا و لەوێ تا ڕۆژی کۆچیدوایی کاری دەکرد. کە هاوڕێ نەمەڵی چووە ڕیزی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە و کە جەلال تاڵەبانی پێشوازی لێکرد و کە بوو بە کارمەند لە مەکتەبی بیروهۆشیاریدا، وەک کادرێکی پارتی گەل و وەک تێکۆشەر و خەباتگێڕ قەبووڵ کرا و وەک "هاوڕێ نەمەڵی" درایە ناسین و وەک "هەڤاڵ"ێکی حیزبی تەماشا دەکرا، لێ کە لەبەین چوو، وەک "هاووڵاتی سدیق قادر ناسراو بە هاوڕێ نەمەڵی..." باسی خۆکوشتنەکەی کرا[5] و وەک بڵێی، هەر ئەو "هاوڕێ"یە نەبووە، کە ئەندامی یەکیەتیی بووە و یەکیەتییش هەر نەیناسیوە!

ئەگەر هاوڕێ نەمەڵی، لە بەندیخانەدا لە ساڵی 1979دا، پاکانەی کردبێت و نێوی خەڵکی بردبێت، وەک باوە، ئەوا خەڵکی پاکانەکار و خۆبەدەستەوەداو و نێوی خەڵک بردوو، چەندی بڵێی ئەوەندە زۆرن و لە نێو بڵندترین پایەی حیزب و دەسەڵاتی کوردستاندا هەن و کەسیش ناتوانێت یەک شتیان بەرانبەر بڵێت!

هاوڕێ نەمەڵی، لە بەرگی ناوەوەی کتێبێکی بچکۆلەیدا، کە بە نێوی"بەندیخانە"یە، بەرهەمەکەی بەم جۆرە پێشکەش دەکات:

"پێشکەشە بە:

- ئەو کەسانەی کە پەتی قەنارەی بەعسیەکان لە ملیان کرا.
- ئەو کەسانەی کە تاڵاوی بەندیخانەی لێژنەی تایبەتی کەرکوک یان چێشتوە.
- ئەو کەسانەی کە بە دوای ڕاستی دا وێڵن"[6].

هاوڕێ نەمەڵی، ئەو کتێبەی پاش دەرچوونی لە زیندان بە چوار ساڵان نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە.

ئەگەر هاوڕێ نەمەڵێ، سیخوڕ بووبێت و زانیاری بە حوکوومەتی عیراق و دەسگا سیخوڕییەکانی دابێت، وەک باوە، ئەوا هەزاران سیخوڕ و جاش و ئەنفالچی و خۆفرۆش و کۆنەبەعسی و ڕاپۆرتنووس و دووزمان، لە سەری سەرەوەی حیزبەکانی دەسەڵات و دەسەڵاتی کوردستاندا هەن و نەک هەر وردە زانیاری بەڵکە درشتە زانیاری و تەواوی زانیارییان بە دەسگا سیخوڕییەکان و حوکوومەتەکانی نەک هەر عیراق، بەڵکە تورکیا و ئێران و سووریا و کۆمەڵێک وڵاتی دیکەیش داوە و دەدەن و کەسیش ناتوانێت نێویان بەرێت!

ڕۆژی یەکشەممە 25-10-2007، لە لەندەن هاوڕێیەکم زەنگی بۆ لێدام و گوتی: ئەمڕۆ سەعات پێنجی ئێوارە پرسەی "هاوڕێ نەمەڵی" هەیە بۆ نایەی پێکەوە بڕۆین؟ دەسبەجێ گوتم باشە و چووین. پرسەیەکی هێندە گەورە بوو، من بۆ خۆم تا ئێستا لە ئەوروپا پرسەی ئاوا گەرمم نەدیتووە. کە لە پرسەکە هاتینە دەرێ، هاوڕێیەکەم لێی پرسیمەوە، کە چۆن بوو دەسبەجێ بڕیارم دا بچم بۆ ئەو پرسەیە، گوتم: "تەنیا لەبەر ئەوە هاتم، ئەو پیاوە(هاوڕێ نەمەڵی) پیاوێکی بوێر و ئازا بوو، ئەگەر وا نەبووایە هەرگیز خۆی نەدەکوشت".

بە گوێرەی ئەوەی، کە لە نێو جلەکانیدا، سێ نامەی، یەکێک بۆ ژنەکەی و یەکێک بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی و یەکێکیش لەمەڕ قەرزوقۆڵەکانی خۆیەوە جێهێشتووە، وا پێدەچێت "هاوڕێ نەمەڵی"، خۆی کوشتبێت، نەک کوژرابێت، دیارە خۆکوشتنیشی سەنگێکی پتر دەداتە کردەکە و بوێری و

---

[5] کوردستانی نوێ، ژمارە 4384، پێنجشەممە 27-9-2007. هەر لە کوردستانی نوێدا پێشتر وەک هەڤاڵ و کادری پارتی گەل درایە ناسین، کاتێک جەلال تاڵەبانی پێشوازی لێکرد.

[6] هاوڕێ، بەندیخانە، شانۆگەری، لەندەن 1983.

ئازایەتییەکیش بە ئەنجامدەری کارەکە دەبەخشێ، لێ ئایا "هاورێ نەمەڵی' سیخوڕ بوو یا نە! من ناتوانم وەرامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، چونکە ئەوە کاری دادگا و پیاوانی قانوونە، بەڵام لە وڵاتێکی بێقانوونی وەک کوردستاندا نەء! ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە، ئەگەر ئەو پیاوە بوێر و ئازا نەبووایە هەرگیز خۆی نەدەکوشت. خۆکوشتنی وی نیشانەی بەتەنگەوەهاتنی بوو، بە ناو و ناوبانگ و ئاوڕووی خۆیەوە.

هاورێ نەمەڵی، تەنانەت ئەگەر سیخوڕیش بووبێت، وەک باوە، ئەوا ئەو لە خواری خوارەوەی لیستەیەکدا بووە، کە هەزارانی یەکجار کەللەزل و تەنگەزلی لە خۆ گرتووە و لە دوندی دەسەڵاتدان. ئەویش وەک ئەو لەشکرە سیخوڕەی، ئەمڕۆ لە نێو "کوردستانی ئازاد"دا تەراتێن دەکەن و خودانی دەسەڵاتن و سواری سەری خەڵکی کورد بوونە، زۆر چاک دەیتوانی بمابایە و باشترین ژیانیش بژیایە و خاوەنی دەسەڵاتیش بووایە، لێ کە خۆی کوشت، دەستبەرداری هەموو شتێک بوو و دەستی لە هەموو شتێک شۆرد و خۆی لە هەموو شتێک پاککردەوە.

خۆکوشتنی "هاورێ نەمەڵی"، کارێکی ئاسایی نەبوو، بەڵام زۆر بە ئاسایی وەرگیرا. میدیاکانی کورردستان بە دوویدا نەچوون و هەر ئەو یەک دوو ڕۆژەی، کە تازەکی خۆی کوشتبوو، ئەویش وەک هەواڵ باسیان لێوە کرد، دەنا ئیدی باسی لێوە نەکرا. دەبوو ئەو خۆکوشتنە ڕامانێکی لێ زابا و زۆر باس کرابا و زۆر تاوتوێ کرابا، چونکە بۆ کورد کردەیەکی نوێ و بێ پێشینە بوو و پێموایە یەکەمجارە لە مێژووی کورددا، کەسێک نێوی سیخوڕی لیبنرێت، هەرلەخۆڕا و دەسبەجێ خۆی بکوژێت.

دەیان ساڵە خەڵک باس لە سیخوڕیی ئەم سەرکردە و ئەو بەرپرس و ئەو دەسەڵاتدار و ئەو ئەندامی باڵای حیزب دەکەن، کەچی هەردەڵێی گوێزیان بۆ دەژمێردرێ و کەس هەر بە سەر خۆیدا نابات و هەموو خۆیانی لێ نەبان دەکەن.

چەندین ساڵە بەرپرس و حیزبی و دەسەڵاتداری کورد، سیخوڕانە و گرێدراوانە و وابەستانە، خاک و وڵات و هەموو شتێکی کوردستان و خەڵکەکەی، هەرزانفرۆش دەکەنە هەرچی دەسگای سیخوڕی، نەک هەر وڵاتانی دەوروبەری کوردستان، بەڵکە هەموو جیهان و لە هەمان کاتیشدا، کردەکەی خۆیان بە "کوردایەتی" بە خەڵکی کوردی دەفرۆشنەوە.

چەندین ساڵە وەک ئەرکێکی سیخوڕانە، کە پێیان سپێردراوە، سەرانی کورد، بۆ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت لاوی کورد دەدەنە کوشت و دەکوژن و بە خەڵکی کوردیش بە دەیان نێوی جیاوازی وڵاتپاری و کوردایەتییەوە دەیفرۆشنەوە.

چەندین ساڵە سیخوڕانی سەرکردە و دەسەڵات لە کوردستان، هەرچی خودان کاریانە لە وڵاتە داگیرکارەکانی کوردستان و وڵاتانێک کە گرێدراوین، بە سەر هەموو خەڵکی کورد و گەلی کوردستانەوە کردووەتە کەڵەگا و وڵاتیان دەبەخشنێ و سازشیان لەگەڵدا دەکەن و ملیان بۆ شۆڕ دەکەنەوە و لەکن خەڵکی کوردیش بە میواندۆستی و چاوتێری و دیپلۆماسییەت دەیدەنە قەڵەم.

ترسنۆکن ئەو هەموو سیخوڕانەی لە سەر تا خوارێی حیزب و دەسەڵاتی کوردستاندا جممەیان دێت و جیفڕک لێدەدەن و خۆ ناکوژن!

دەبوو خۆکوشتنی "هاورێ نەمەڵی"، کە هەر مەرج نییە سیخوڕیش بووبێت، بووایەتە سەرمەشق و وانە و هاندەرێک، بۆ تەواوی ئەو سیخوڕانەی، کە ئێستاش لە پلە و پایەی دەسەڵاتی کوردستان و حیزبی کوردستان نایەنە خوارێ و تا دێت هەورازتر هەڵدەکشێن، دەبوو ئەو هەموو سێخوڕانەی ئەوڕۆ بە ناوی کوردایەتییەوە دەلەوەڕێن و چارەنووسی خەڵک دیاری دەکەن، بە ژنەوتنی ئەو هەواڵە، ئەگەر ڕێژەیەک بوێری و پیاوەتی و ئاوڕوویان تێدا هەبووایە و هەیە، بێ سێودوولێکردن

سەرو یەک فیشەکێکیان بە کەللەسەری خۆیانەوە نابا و بە لادا هاتبان، یا ئەگەر خۆیان ئەو زات و بوێرییەیان تێدا نەبووە و نییە و دەستیان نەچووە و ناچێتە خۆیان، خەڵکی کورد ئەو کارەیان لەبری ئەوان کردبا و دەستیان لێ نەپاراستبان و هەر ڕۆژەو چەند دانەیەکیان سارد کردبانەوە، بەو جۆرە لە کۆڵی خەڵکی کوردستان دەبوونەوە و خەڵکی کوردیان لێ ڕزگار دەبوو.
دەبوو کەللەسەرە ڕەسیوەکانی، ئەو لەشکرە سیخوڕەی کوردستان، کە گەلێک زۆرن و لە هەموو ئاست و پایەیەکی بەرپرسیی و دەسەڵاتدا هەن، وەلادا هاتبان و وڵاتیان لێ خاوێن کرابایەوە.

2007-11-11